# ئابوورییەکی بەکاربەر؛ نیشاندەرە سەرەتاییەکانی داهاتووی ئابووری هەرێمی کوردستان

23-06-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** داهاتی هەرێمی کوردستان وەک داهاتی عێراق لە نەوتەوە دێت، هەربۆیەش هەر بەرزی و نزمییەک لە نەوتدا کار دەکاتە سەر کۆی داهاتی هەرێمی کوردستان

## بەرایی

ئابووری هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە ئابووری عێراقی فیدراڵ بەدەست نەخۆشییە کوشندەکانی تاک سەرچاوەیی داهات، زۆری خەرجی گشتی، لاوازی هێزی کار و پشتبەستن بە هاوردەکردنی بەرهەمە سەرەتاییەکانی رۆژانە لە دەرەوە و ئەنجامنەدانی ریفۆرمێکی راستەقینە دەناڵێنێت، خەریکە کۆی سیستەمە ئابوورییەکە دەخاتە ژێر مەترسییەوە. بەپێی ئیندێکسی ئازادی ئابووری پەیمانگەی فرەیزەری کەنەدی و پەیمانگەی کاتۆ، لە 232 "زۆربەی مامەڵە بازرگانییەکان بەبێ رکابەری و روونی ئازاد جێبەجێدەکرێن. پرۆژە گەورەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی وەک پرۆژەی ژێرخان و نیشتەجێبوون، نەوت و گاز، پەیوەندی و بازرگانی دەرمان و جگەرە بە قازانجی چەند کەسێک لەناو هۆزە دیاریکراوەکاندا دابەشکراوە، کە دڵسۆزن بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان، زیاتریش بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆربەی کارەکانی حکومەت. لە ئەنجامدا دڕندەییەکی بەرفراوان تۆڕی چاودێریکردن و لایەنگریکردن، لەنێو دەستەبژێری سەرمایەداری بنیاتنراوە، کە زاڵە بەسەر چالاکییە ئابوورییە سەرەکییەکاندا. هەربۆیەش بەها و نۆرمە عەشایەرییە تەقلیدییەکان ئەخلاقی بازرگانی و ئازادی وەبەرهێنان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی شێواندووە و متمانەی تاکەکەسی بە سیستەمی بازاڕ کەمکردووەتەوە و رێگربوون لە گەشەپێدانی دامەزراوەکانی ئازادی ئابووری لە هەرێمی کوردستان". [1]

ئاڵێزەوەیە، نەخۆشییەکانی سیستمێکی ئابووری بەکاربەر دەردەکەوێت، هەروەها هەوڵەکانی جێبەجێکردنی ریفۆرمی لاوەکی ئابووری لەجیاتی ریفۆرمی ئابووری راستەقینە جێبەجێدەکرێت و، لە ئەنجامدا دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی دەخاتە دەست دەستەبژێرێکی دیاریکراو، لەجیاتی رەخساندنی هەلی کار و بازرگانی ئازاد کە لە ئەنجامدا خۆشگوزەرانی نوێ، کارسازی و پێشەی نوێ بۆ هەموو کەسێک لە کۆمەڵگەدا دابین بکات.

لەڕووی رێژەی هەڵئاوسان (بەرزبوونەوەی نرخ) هەرێمی کوردستان بە بەرورد بە وڵاتانی دراوسێ و پێشکەوتووەکان لەمانگی نیسان 2022دا بەشێوەیەکە کە لە هەرێمی کوردستان 9%ی تێپەڕاندووە، لەکاتێکدا و لەهەمان مانگدا لە تورکیا گەیشتووەتە 69.97% و لە ئەمریکا 8.3% بووە و پێشبینیدەکرێت بۆ ئەمساڵ لە عێراق 3.3% بێت. هەروەها، لە 2021دا بەرزترین رێژەی خەرجییەکانی خێزان لە هەرێمی کوردستان بۆ خواردنەوە کحوولییەکان و تووتن رۆیشتووە. لەسەرەتاوە تاوەکو ئێستا، تەنیا نزیکەی 50%ی داهاتی نەوت بۆ حکومەت گەڕاوەتەوە. بەرهەمی گەنم، کە بنەمای سەرەکی ئاسایشی خۆراکە ئەمساڵ یەک لەسەر شەشی 2019یە و نیوەی پێداویستی گەنم بۆ هەرێمی کوردستان پڕ دەکاتەوە. کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەرکەوتووە و، دوو ساڵە بەتەواوی کاریگەرییەکانی دیارن و زیانی سەتان ملیۆن دۆلاری لە هاونیشتمانیان داوە.

لێرەدا، بە خستنەڕووی زانیاری و ئامارە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان هەڵوەستە لەسەر رەهەندەکانی خەرجییەکانی بەکاربردن و وەبەرهێنان لە کەرتی گشتی، ئاسایشی خۆراک و ئاستی بەرهەمهێنانی خۆراکە بنەڕەتییەکان، رێژەی هەڵئاوسان، هێزی کار و دانیشتووان، خەرجییەکانی خێزان، داهات و خەرجییەکانی تاک سەرچاوەیی نەوت لە هەرێمی کوردستان و داهاتووی سەرچاوە سرووشتییەکان دەکەین، لەکۆتاییشدا هێڵە سەرەکییەکانی گواستنەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان لە بەکاربەرەوە بۆ بەرهەمهێنەر دەخەینەڕوو.

## خەرجییەکانی بەکاربردن و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان

داهاتی هەرێمی کوردستان وەک داهاتی عێراق لە نەوتەوە دێت، هەربۆیەش هەر بەرزی و نزمییەک لە نەوتدا کار دەکاتە سەر کۆی داهاتی هەرێمی کوردستان، هەروەها خەرجییەکانیشی بەهەمان شێوەی عێراقی فیدراڵ، کە تەنیا بۆ مووچەیە، بەپێی بڵاوکراوەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داهات و خەرجییەکان، لە شەش مانگی یەکەمی 2021دا کۆی خەرجییەکانی بە 702 ملیۆن دۆلار داناوە، کە بە تەنیا بۆ مووچە 617 ملیۆن دۆلار بووە!، 60 ملیۆن دۆلار بۆ کارپێکردنی وەزارەتەکان و 25 ملیۆن دۆلار بۆ وەبەرهێنان بووە. لە بەرامبەردا داهاتی حکومەت لە هەمان ماوەدا 697 ملیۆن دۆلار بووە، کە 350 ملیۆن دۆلار لە نەوت، 195 ملیۆن دۆلار داهاتی نێوخۆ و 17 ملیۆن دۆلار هاوکاری هاوپەیمانان و 135 ملیۆن لە بەغداوە هاتووە، کەواتە بە پارەکەی بەغداوە مانگانە 5 ملیۆن دۆلار کورتهێنان هەیە و بەبێ بەغدا 140ملیۆن دۆلار کورتهێنانی دەبێت[2].

خاڵێکی دیکە، داهاتی نێوخۆی هەرێمی کوردستان بەندە بە داهاتی نەوتەوە، کاتێک نرخی نەوت دادەبەزێت، ئەوا داهاتی نێوخۆ "نانەوتی" زیاد دەکات، بەپێچەوانەوە، لەڕاستیشدا لەمەشدا هاوشێوەی عێراق، لە ماوەی دەیەی رابردوودا بەپێی ئامارە فەرمییەکان، خەرجییە گشتییەکان و خەرجیی بەکاربردن لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە و بەشێوەیەک لە 71% بەرزبووەتەوە بۆ 86.34%، واتە بەڕێژەی 15.34% زیادیکردووە! لە بەرامبەردا خەرجییەکانی وەبەرهێنان کەمیکردووە وەکو لە خشتەی یەکەمدا هاتووە.

---

خشتەی: 1 خەرجی گشتی (ملیۆن دۆلار)ی هەرێمی کوردستان 2007- 2021

تێبینی، * ئەوە نیشانیدەدات داتای دروست بەردەست نییە

**** تەنیا  شەش مانگی یەکەمی 2021**

**سەرچاوە:ئیندێکسی ئازادی ئابووری 2021،  حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان 2012، گرووپی بانکی جیهانی 2016، تۆڕی میدیایی رووداو 2020، دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان 2021**

## هەڵئاوسانی نرخ لە هەرێمی کوردستان بەرزترە لە ئەمریکا

هەڵئاوسان، پێوانەی کۆمەڵێک کاڵا و خزمەتگوزاری لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەکات کە چەند گران بووە، زۆربەی جاریش لە ساڵیکدا دیاری دەکرێت[3]. بەپێی تراکەری فاینانشیاڵ تایمز[4]، هەڵئاوسانی نرخەکان بۆ کاڵاکان لە زۆربەی وڵاتان بەرزترین ئاستی لە ماوەی یەک دەیەدا تۆمار دەکات، بەشێوەیەک لە دوای جەنگی ئۆکراینياوە نرخی وزە و مادده خۆراکییەکان گران بووە و توانای کڕینی خێزانەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کەمبووە. هەروەها، تۆمارکردنی رێژەی بەرزی هەڵئاوسان لە هەندێک وڵات بۆ پێش جەنگەکەش دەگەڕێتەوە.

رێژەی هەڵئاوسان یاخود بەرزبوونەوەی نرخەکان لە هەرێمی کوردستان ئەمساڵ ئاستێکی بێ وێنەی تۆمارکردووە، بەشێوەیەک لە مانگی نیسان 2022دا[5] رێژەی نرخی بەکاربەر گەیشتووەتە 109.03%، واتە بە بەراورد بە ساڵی بنەڕەتی  بەرێژەی 9.03%، بە 2021 بەرێژەی[6] 7.39%،  بەراورد بە 2020 بەرێژەی 10.43% نرخەکان بەرزبووەتەوە[7]، ئەگەر بەراوردێکیش بکەین بە وڵاتانی دراوسی و وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەوا جیاوازییەکی گەورە هەیە، بۆ نموونە رێژەی هەڵئاوسان لە تورکیا لە مانگی نیسان گەیشتووەتە 69.97%، کە بەرزترین رێژەیە لە دوو دەیەی رابردوودا[8]، هەروەها لە ئەمریکا لە مانگی نیسان 8.3% بووە کە بە ریکۆردێکی 40 ساڵەی لە بەرزی هەڵئاوسان لە ئەمریکا دادەنرێت[9] و لە عێراق بۆ 2022 بەپێی بانکی جیهانی پێشبینیدەکرێت 3.3% بێت[10]، کەواتە جیاوازییەکی گەورە لە هەڵئاوسان لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە عێراق و تورکیا و وڵاتانی دیکە هەیە. هەروەها، وەکو لە گرافیکەکەدا دەردەکەوێت بەرزترین رێژەی هەڵئاوسان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە پارێزگای دهۆک و نزمترین ئاستی هەڵئاوسانی نرخەکانیش لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی بووە لەم چوار مانگەی ئەمساڵدا بە بەراورد بە چوار مانگی سێ ساڵەکەی دیکە.

گرافیک 1: رێژەی هەڵئاوسانی چوار مانگی سەرەتای 2022 بە بەراورد بە سێ ساڵی رابردوو

هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2012وە رێژەی هەڵئاوسان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و مادده خۆراکییەکان دیاری دەکات، بەپێی دوایین راپۆرتی دەستەی ئامار، هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخەکان (نرخی بەکاربەر) رێژەی هەڵئاوسان لەنیسانی 2022دا بە بەراورد بە نیسانی 2021دا دەگەڕێتەوە بۆ هەڵئاوسان لە نرخی خۆراک لە چێشتخانەکان بەرێژەی 13.3%، بەدوایدا کەرەستە خزمەتگوزارییەکان بەرێژەی 12.7، پەیوەندییەکان بەرێژەی 12.1% و خواردن و خواردنەوە ناکحولییەکان بەرێژەی 10.1% هتد.

لەرووی ساڵانەشەوە، بەپێی راپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نرخی بەکاربەر لە 2021دا گەیشتووەتە  103.5% و واتە رێژەی هەڵئاوسان بەرێژەی 3.5% بە بەراورد بە ساڵی بنەڕەتی بەرزبوونەوەی تۆمارکردووە و هەروەها بە بەراورد بە 2020ی بەرێژەی 7.5% بەرزبوونەوەی بەخۆووە بینیوە وەکو لە گرافیک 2دا هاتووە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش لە هەرێمی کوردستان لە 2021دا بە بەراورد بە 2020 بەرزترین ئاستی رێژەی هەڵئاوسان لە پارێزگای دهۆک بەرێژەی 8.2%، بەدوایدا لە سلێمانی بەرێژەی 8% و ئینجا پارێزگای هەولێر بەرێژەی 7.8%.

گرافیک 2: رێژەی هەڵئاوسانی ساڵانە و لەسەر ساڵی بنەڕەتی 2012 لە هەرێمی کوردستان لە 2009 بۆ 2021.

**سەرچاوە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، راپۆرتی ساڵانە 2021، ساڵی بنەڕەتی بەراوردکردن، ساڵی 2012 کە 100%.**

## خەرجییەکانی خێزان لە هەرێمی کوردستان ؟

خەرجییەکانی خێزان یاخود ماڵەکان بریتییە لە تێچووی کۆتایی بەکاربردن لەلایەن خێزانەوە بۆ دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانەیان وەک خواردن، جلوبەرگ، خانووبەرە (کرێ)، گواستنەوە، وزە و کەلوپەل و خزمەتگوزاری  دیکە، کە ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی نزیکەی 60%ی بەرهەمی ناوخۆیی GDP پێکدەهێنێت و نیشاندەرێکی بنەڕەتییە بۆ شیکردنەوەی ئابووری، بەتایبەتیش خواست[11].

هەرێمی کوردستان خەرجییەکانی خێزانی بۆ ساڵی 2021 بڵاوکردووەتەوە[12]، بەشێوەیەکە کەوا لە گرافیکی سێیەمەدا هاتووە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانیش  خەرجییەکانی خێزان بۆ خواردنەوە کحوولییەکان و تووتن بەرزترین ڕێژەی سەدی بە بەراورد بە 11 جۆری دیکەی خەرجی تۆمار کردووە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 10.3% و لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر 11.4%، پارێزگای سلێمانی 9.1% و پارێزگای دهۆک 10.9%، لەکاتێکدا خواردن و خواردنەوە ناکحوولییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان 7.5% بووە لەو ساڵەدا.

خەرجییەکانی خێزان بۆ چیشتخانەکان لە 2021دا بە بەراورد بە جۆرە جیاوازەکانی دیکەی خێزان لە هەرێمی کوردستان نزمترین ڕێژەی پێکهێناوە، بەشێوەیەک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 6.7% بووەو، لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش دهۆک نزمترینە بە ڕێژەی 5.2% و سلێمانی بە ڕێژەی 7.2% بەرزترینە.  بڕوانە گرافیکی 3 بۆ تەواوی جۆرە جیاوازەکانی خێزان لە هەرێمی کوردستان.

گرافیکی 3: خەرجییەکانی خێزان لە 2021 لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان

## داهاتووی دانیشتووان؛ گەشەکردنێکی هیواش لەناوخۆ و هاتنێکی بەلێشاو لە نیوەڕاست و باشووری عێراقەوە

بەپێی ئامارەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان[13] ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان کەمترە لە تەواوی پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بەڵام لەڕووی دانیشتووانەوە ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە عێراق  لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا زیادیکردووە، بەشێوەیەک لە کۆی دانیشتووانی عێراق لە 1965دا دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ڕێژەی 11.3% بووە، بەڵام لە 2020دا گەیشتووەتە ڕێژەی 15.3%، واتە بەڕێژەی 4% زیادیکردووە.

ئێستا گۆڕانکارییە ژینگەییەکان و گۆڕانکارییە ئابوورییەکان و هێزی کار بەشێوەیەکە کەوا چاوەڕواندەکرێت گۆڕانکاری خێرا لە دیمۆگرافیای دانیشتووان لە شارە گەورەکان و، بەتایبەتیش لە سەنتەری شارەکان ڕووبدات، ئەگەر دوو بۆ سێ دەییەک پێش ئێستا نیشتەجێبوونی عەرەب لەنیو خاکی باشووری کوردستان بە تەعریب لە قەڵەمدراوە، بەڵام ئێستا نەک دەتوانن نیشتەجێبن بگرە لەڕووی مۆڵکیشەوە بەناویان دەکرێت، هەربۆیەش چاوەڕواندەکرێت بەهۆی دۆخی عێراق و جیاوازی ڕەوشی سەنتەری شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی ئەوانەی لە نێوەڕاست و باشووری عێراقەوە دێن لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ ببن ڕوو لە زیادبوون بێت.

خاڵیکی دیکەش، بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری لە نێوەڕاست و باشووری عێراقە، کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان گەیشتووەتە چارەکی ژمارەی دانیشتووان، واتە لە هەر چوار عێراقییەک یەکیان بێکار و هەژارە! لیرەوە مەترسییەکانی هیواش گەشەکردنی نێوخۆیی و خێرا گەشەکردنی دانیشتووانی دیکەی عێراق سەرهەڵدەدات، چونکە کاریگەرییەکی خێرا دەخاتە سەر شانی حکومەت و سەرچاوە سرووشتییەکان، لەکاتێکدا ڕەوشی خزمەتگوزارییەکان و گوشارەکان بۆ سەرچاوە سرووشتییەکان لە هەرێمی کوردستان چ ئاو بێت یاخود چ وزە بێت دیارە.

خشتەی 2: ژمارە و ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە عێراق

خاڵێکی دیکە لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، بریتییە لەوەی کۆمەڵگەیەکی گەنجە، واتە لەڕووی دیمۆگرافیای دانیشتووانەوە پێیدەگوترێت "خەڵاتی دانیشتووان"، چونکە لەم دۆخەدا کۆمەڵگە هێزێکی کار و دەستێکی کاری گەنجی هەیە کە دەتوانێت بنیاتی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان بکات، بۆ نموونە رێژەی 35%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەخوار 15 ساڵەوەیە، نزیکەی 28% تەمەنیان لەنێوان 15-29 ساڵ دایە، کە ئەمەش بەیەکەوە 63%ی کۆی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت.

## ئاسایشی خۆراک و داهاتووی دابینکردنی بەرهەمە بنەڕەتییەکانی وەک گەنم، جۆ و برنج ؟

ئاسایشی خۆراک یاخود دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان پێویستی بە بەرهەمهێنانی نێوخۆییە، کە ئەمەش هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستێک بتوانرێت پشتیوانی لێبکرێت و توانای کێبڕکێی لە بازاڕەکاندا هەبێت. لەڕاستیدا بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و، بەتایبەتیش لە دوای جەنگی ئۆکرایناوە، واتە لە 24ی شوبات جیهان پێی نایە قۆناخێکی نوێوە، بەشێوەیەک ئێستا نەک زلهێزەکان بگرە هەموو وڵاتانی جیهان خۆیان بۆ گرانی کاڵاکان و بەرهەمە سەرەکییەکان لەساڵانی داهاتوودا ئامادە دەکەن، ئەویش بە هۆکارەکانی جەنگ، پچڕانی زنجیرەی دابینکردن و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا. خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان رووبەری چاندراو بە بەرهەمە سەرەکییەکان روو لە زیادبوون بووە[14]، بەشێوەیەک بەپێی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ساڵ بە ساڵ رووبەری چاندراو بە گەنم، جۆ لە هەرێمی کوردستان زیادیکردووە. بەشێوەیەک ئاستی بەرهەمهێنانی گەنم لە ساڵی 2019-2020 گەیشتە بەرزترین ئاست، کە نزیکەی 3 ملیۆن تۆن بوو، بەڵام بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتووکاڵ ئەمساڵ بڕی بەرهەمهێنانی گەنم نزیکەی 400 بۆ 500 هەزار تۆن دەبێت[15]، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە بەرهەمی گەنم لە 2022دا یەک لەسەر شەشی گەنمی دوو ساڵ پێش ئێستا دەبێت، هەربۆیەش هەنگاوی سەرەکی بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک کە گەنمە پێویستە، چونکە ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە 1 ملیۆن تۆنە و، ئەمەش نێوەی ئەو بڕەیە. بڕوانە خشتەی 2 سەبارەت رووبەری چاندراو و بڕی ساڵانەی بەرهەمی گەنم و جۆ لە هەرێمی کوردستان.

هەروەها یەکێکی دیکە لە هەڕەشەکانی ئاسایشی خۆراک نەمانی ئالیک، پاوان و گژوگیا و لەوەڕگەیە، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر گوندنشینان و جووتیاران و مەڕداران هەیە، کە بەپێی زانیارییەکان رووبەڕووی چاندراوی جۆ کەمیکردووە، وەکو لە خشتەی سێیەمدا دا هاتووە.

خشتەی 3: رووبەری چاندراو، بڕی برشت و بەرهەمی گەنم و جۆ لە هەرێمی کوردستان

سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2022

برنج یەکێکی دیکەیە لە خۆراکە سەرەکییەکان، لەسەر ئاستی جیهان لەدوای گەنمەوە بە پلەی دووەم دێت و لەڕووی بەرهەمیشەوە لە دانەوێڵەکاندا لە پلەی سێیەمدایە، بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی کشتووکاڵ، کە دەستەی ئامار بڵاویکردووەتەوە، بڕی بەرهەمهێنانی برنج لە ماوەی دەیەی رابردوودا لە 3.4 هەزار تۆن بەرزبووەتەوە بۆ 20.4 هەزار تۆن، کە پارێزگای دهۆک رۆڵی گرنگی هەبووە لە ئاستی بەرزکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆیی برنج، کە بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی بازرگانی، برنجی بەکاربراو بۆ هەر تاکێک لە هەرێمی کوردستان لەسەرووی 30 کیلۆیە.[16]

هەروەها ساڵانە نزیکەی 250 هەزار تۆن برنج لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێت. بڕی ئەو سەرمایەی بۆ کڕین دەچێتە دەرەوە، نزیکەی 250 ملیۆن دۆلارە. بەم جۆرەش وەکو لە خشتەی چوارەمدا هاتووە، بەرهەمی برنجی ناوخۆ تەنیا لە 32%ـی پێداویستی نێوخۆ دابین دەکات و 68%ـی لە دەرەوە هاوردە دەکرێت[17].

خشتەی 4: بەرهەمی برنج بە (تۆن ) لە پارێزگاکانی هە رێمي کوردستان.

**سەرچاوە: رۆژنامەی رووداو، ژمارە 405، لاپەڕە 8، رۆژی 25/4/2016، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**

***ساڵی 2020 پارێزگای سلێمانی تەنیا بەرهەمی گەرمیانە، ئاماری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەی تێدا نییە.**

## گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و لێکەوتە ئابوورییەکانی

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی پەیمانگەی ری سویس[18]، ئابووری جیهان لەوانەیە بەڕێژەی 10% لە کۆی بەها ئابوورییەکی لەدەستبدات تاوەکو 2050 بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا. هەروەها لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کەوا گەورەترین کاریگەری گۆڕانکاری کەشوهەوا ئەوەیە کە دەتوانێت 18%ی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی GDP لە ئابووری جیهان تاوەکو ساڵی 2050 بسڕێتەوە، ئەگەر پلەی گەرمی جیهان بە 3.2 پلەی سیلیزی بەرزبێتەوە.

لێکەوتەکانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە و بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری گەورەی لەسەر ئاسایشی خۆراک، بژێوی خێزانەکان و زیانە گیانی و مادییەکانی هەبووە. لە 2021دا و بەتەنیا لە هەولێر دوو رووداوی گەورەی لافاو لە 30ی تشرینی یەکەم و 17ی کانوونی یەکەمدا روویدا، جگە لە زیانە مادییەکان کە دەیان ملیۆن دۆلار بوو، 8 کەس بەهۆی لافاوەکەوە گیانی لەدەستدا[19]! لەڕاستیدا چەند جارێکی دیکە و لە چەند ناوچە و شوێنێکی دیکە لافاو بووەهۆی زیانی ئابووری گەورە.

ئێستاش بەهۆی گرتنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان کە دەڕژێنە نێو خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە، ئاسایشی ئاو کەوتووەتە بەر مەترسییەکی گەورە و هاووڵاتیان لەبەر نەبوونی ئاو، لە شار و شارۆچکەکان خۆپیشاندان دەکەن. وەکو لە خشتەی 5دا هاتووە، پێنج رووبار و لق لە هەرێمی کوردستان دا هەن، کە ئاوی ساڵانەی ئاویان 29.2[20] ملیار سێجایە، کە هەموو رووبار و لقەکانیش بە نزیکەی رێژەی نیوەی زیاتری ئەو بڕە ئاوە پشت بە دەرەوە دەبەستێت.

لەڕاستیدا، دابینکردنی ئاسایشی ئاو، دەتوانێت رۆڵێکی گەورە لە گەشەکردنی ئابوورییەکی بەردەوام دا ببینێت[21]، هەربۆیەش بۆ نموونە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی زانستی کە لەلایەن کلاودیا سادۆف سەبارەت پەیوەندی گەشەی ئابووری و وشکەساڵی کردوویەتی دەرکەوتووە لە بەڕازیل کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی تاک بە رێژەی 7%[22].

خشتەی 5: سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان

**سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پوختەی ئاماری سەرچاوە ئاوییەکان 2019،**

هەروەها بەهۆی وشکەساڵی و کەمبوونی وەرزی باران بارین لە هەرێمی کوردستان بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ یەک لەسەر شەش دابەزیوە، کەواتە لێکەوتە ئابوورییەکانی گۆڕانکاری کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان بەڕوونی دەرکەوتوون. هەروەها، وەک لە گرافیکی 4دا هاتووە، ژمارەی ئەو بیرانەی بۆ مەبەستی خواردنەوە لە پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان هەڵکەنراوە روو لە زیادبوون بووە، ئێستا بەشێوەیەک لە 2019 کۆی بیرەکان گەیشتووەتە زیاتر لە 12 هەزار، ئەمە لەکاتێکدا ژمارەی بیرە نایاساییەکان دوو هێندەی ئەو ژمارەیە[23]!

لە ماوەی رابردووشدا بەهۆی کەمبوونی ئاوی دابینکراو، ژمارەی بیرەکان چ بۆ مەبەستی ئاوی خواردنەوە، کشتوکاڵ و پڕۆژە پیشەسازییەکان بێت زیادیکردووە بەشێوەیەک لە 2013 دا لە هەرێمی کوردستان ژمارەی بیرەکان بۆ ئاوی خواردنەوە10958 بیرە، بەڵام لە 2019دا گەیشتووەتە 12266 بیر، ئەمە جگە لە بیرە نایاساییەکان. هەربۆیەش رێکخستنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان و پێداچوونەوە بە داهاتی ئاوی ساڵانە و پێداویستییەکان و رێکخستنەوەی سامانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، دەتوانرێت ئاسایشی ئاو دابین بکرێت و لەو رێگەیەوە ئاسایشی خۆراک بە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و رەخساندنی کار پەرەبستێنێت.

گرافیکی 4: ژمارەی بیرەکانی ئاوی خواردنەوە، کشتوکاڵی و پڕۆژە بازرگانییەکان لە 2013، 2016 و 2019دا

# داهاتووی نەوت؛ لێکەوتەکانی پشتبەستن بە تاک سەرچاوەی داهات لە هەرێمی کوردستان

بەپێی راپۆرتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەبارەی داهات و خەرجییەکانی نەوتەوە کە لە 2007وە تاوەکو 2021کە لەلایەن دیلۆیت خراوەتەڕوو، بەردەوام نیوەی داهاتی نەوتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە وەکو لە گرافیکی 5دا دەردەکەوێت. هەروەها، داهاتی نەوتی هەناردەکراو لە 2007دا 0.29 ملیار دۆلار بووە و لە 2021دا گەیشتووەتە 8.97 ملیار دۆلار، بەهەمان شێوەش لە 2017دا داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەوتی هەناردەکراو 0.030 ملیار دۆلار بووە و لە 2021دا بەرزبووەتەوە بۆ 3.17 ملیار دۆلار.

بەپێی راپۆرتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، داهاتی نەوت راستەوخۆ بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران تەرخان دەکرێت، کە ئەمەش لە زانستی ئابووری یاخود ئیدارەدانی سەرچاوە سرووشتییەکان بە "نەفرەتی سەرچاوە" Resource Curse ناو دەبرێت، چونکە داهاتی سەرچاوە سرووشتییەکان "نەوت و گاز" دەبێت بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بێت. هەروەها، خەزاڵ عەبدوڵڵا لە کتێبی "دیزاین و بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی بۆ حکومڕانی سامانی نەوت و گاز: کەیسی هەرێمی کوردستان" لە لاپەڕە 33 و 83دا ئاماژە بەوە دەکات، کە چۆن داهاتی پیشەسازی نەوت و گاز بووەتەهۆی کەمبوونەوەی سەرمایەی دەوڵەت و وەبەرهێنان لە دەرەوەی کەرتەکانی دیکەدا و لە کەیسی هەرێمی کوردستان چۆن ئەزموونی ئازەربایجان و نایجیریا دووبارە دەبێتەوە لەجیاتی ئەوەی پەیڕەوی مۆدیلی نەرویژ لە ئیدارەدانی نەوت و سەرچاوە سرووشتییەکان دا بکرێت.

لەڕاستیدا، بڕیاری دەستپێکردنی پیشەسازی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان و هاتنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت توانی دەرگایەکی نوێی ئابووری بەڕووی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، بەڵام پشتبەستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەستنەوەی کۆی داهاتی حکومەت بە نەوتەوە، یاخود تاک سەرچاوەیی داهات، مەترسییەکانی ئەم ئابووریەی زیاتر کردووە. چونکە گۆڕانکارییەکان لە نرخی نەوت و گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکان و پابەندییەکانی کەشوهەوا لە داهاتوودا، لەوانەیە داهاتی نەوت سنووردار بکات، کە ئەوکات ئەو داهاتەش کە ئێستا نێوەیی دەگەڕێتەوە، دەستنەکەوێت.

گرافیکی 5: بڕی داهاتی نەوتی هەرناردەکراو و داهاتی گەڕاوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان 2003- 2021

سەرچاوە: راپۆرتی دیلۆیت، راپۆرتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، راپۆرتی میس

**تێبینی، ساڵی 2015 و 2016، داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەوتی هەناردەکراوی تێدا نییە**

**کۆتایی**

پشیبەستن بە کاڵای هاوردەکراو، هەڵئاوسانی ئابووری، تاک سەرچاوەیی داهات و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و گەشەکردنی خێرای دانیشتووان، ئەوە دەخوازێت هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەیەکی خێرا بە ئابوورییەکەیدا بکات و پێناسەیەکی دیاریکراو بە ئابووری هەرێمی کوردستان بدات کە بیگوازێتەوە بۆ قۆناخێکی نوێ[24]، کە توانای بەرگە گرتنی گۆڕانکارییەکان و هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی هەبێت.

لەڕاستیدا، ئێستا ناتوانین هیچ جۆرە مۆدیلێکی ئابووری بەسەر هەرێمی کوردستان دا بسەپێنن، ئەویش بەهۆی ئەو تێکەڵی و ئاڵۆزییەی لە سیستمەکەدا پەیڕەو دەکرێت. هەرچەندە ئاماژە بە بازاڕی ئازاد دەکرێت، بەڵام کەرت و جەمسەرە گرنگەکانی ئابووری کەوتوونەتە ژێر هەژموونی مونۆپۆلێکی تەواوەوە، کە لە ئیندێکسی ئازادی ئابووری پەیمانگەی فرەیزەر و کاتۆ لەبارەی هەرێمی کوردستان هاتووە: " هەرێمی کوردستان سیستمێکی ناوەندی بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری پەیڕەو دەکات و خەرجی گشتی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی حیزبەکانی دەسەڵاتدار بەکاردێنێت، هەروەها حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەشێوەیەکی زۆر دەستێوەردان لە دامەزراوە حکومی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەن".

## هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ گواستنەوە لە بەکاربەرەوە بۆ بەرهەمهێنان[25]

- پشتیوانیکردنی جووتیار و هەڵمەتی هۆشیاری نەتەوەیی بۆ بەرهەمی نێوخۆیی.
- پاڵپشتی جووتیار و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.
- هەوڵدان بۆ پاڵپشتیکردنی بازرگانی بچووک و دەستگیرۆیی گەنجان لە قەزا و ناحییەکان لە دەرەوەی شارە گەورەکان.
- پێشخستنی سیستمی باج بۆ بە دیجیتاڵکردنی سیستمی باج لە هەرێمی کوردستان.
- رێکخستنەوەی خەرجی و داهاتی نەوت و کۆکردنەوەی لە سندووقی تایبەت دا.
- پێداچوونەوە بە خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک لە راپۆرتەکانی چاکسازی دا هاتووە، بۆ نموونە راپۆرتی سێیەم کە هێشتا کەیسی 354 وەزیر، راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی هتد یەکلانەبووەتەوە.
- رێکخستنەوەی دامەزراوەکان لەسەر بنەمای کارکردن و راپەڕاندنی خزمەتگوزاری هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان.
- درێژەدان بە راهێنانی کارمەندانی کەرتی گشتی لە راپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی زانستی نوێ.
- دابینکردنی تەکنەلۆژیای زانیاری و دانانی داتابەیسی نیشتمانی بۆ بوارە جیاوازەکان و بەستنەوەی بەیەکەوە بۆ راپەڕاندنی کارەکان.
- پێداچوونەوە بە نیشتەجێبوونی دانیشتووانی نێوەڕاست و باشووری عێراق لە هەرێمی کوردستان.
- هەوڵدان بۆ کارکردن لەگەڵ دامەزراوە جیهانییەکان بۆ بنیاتنانی سیستمی ئەلیکترۆنی.
- فرەجۆرکردنی ئابووری بە گرنگیدان بە کشتوکاڵ و بەرهەمە پیشەسازییەکان و گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان.

لەسەروو هەموو ئەمانەوە بنیاتنانی حکومەتێکی دیجیتاڵی یەکگرتوو کە فەرمانگە و وەزارەتەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە، هەروەها هەوڵبدرێت بۆ یەکخستنی تواناکان و دانانی کات بۆ جێبەجێکردنی بڕیارە چاکسازییەکان و کارکردن بەیەکخستنی ئامارەکان و دانانی سیستمی ئەلیکترۆنی بەتایبەتیش لەبواری ئابووری و بازرگانی بەمەبەستی دەستخستنی داتایەکی دروست کە بتوانرێت نیشانە سەرەکییەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان بزانرێت و نەخشە رێگەی دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، ئاسایشی ئابووری و رەخساندنی کار و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان دیاری بکات.

لەکۆتاییدا، ئەگەر گۆڕانکاری لە سیستمی ئەم ئابوورییەدا نەکەین، ئەوا ئەو پلەیەی ئەمساڵ لەڕیزبەندی ئابووری جیهان کە 5.15 بووە، لەڕووەکانی قەبارەی حکومەت، سیستمی یاسایی و مافی خەڵک، پارە، ئازادی بازرگانی نێودەوڵەتی و رێساکان، ئەوا بۆ ساڵی داهاتوو نمرەکە خراپتر دەبێت و رەوشی ئابووریش خراپتر.

### سەرچاوەکان


Auzer, khazal Abdullah. *Institutional Design and Capacity to enhance effective Governance of Oil and Gas Wealth: the case of Kurdistan region.* Singapore: Springer, 2017.

Government, Ministry of natural Resource Kurdistan regional. *Financial Report 2007-2013.* Annual Report, Erbil: MNR, 2007.

زانیاری, حکومەتی هەرێمی کوردستان -ئەنجومەنی وەزیران /فەرمانگەی میدیا و. *دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران هەموومان دەنگ دەدەین.* هەولێر: /فەرمانگەی میدیا و زانیاری, 2021.

کوردستان, دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان/وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی. *ژمارەی پیوانەیی.* ئایار 2021. https://krso.gov.krd/ku/statistics/%DA%98%D9%85%D8%A7%D8%B1%D9%87-%D9%89-%D9%BE%DB%8E%D9%88%D8%A7%D9%86%D9%87-%D9%8A%D9%89 (accessed حوزەیران 14, 2022).

James D. Gwartney, Robert A. Lawson, Joshua C. Hall, Ryan H. Murphy, Justin T. Callais, Rosemarie Fike, Vincent Geloso, Nijdar S. Khalid, Fred McMahon, & Martin van Staden. ECONOMIC FREEDOM OF THE WORLD. 09 17, 2021. ECONOMIC FREEDOM OF THE WORLD (accessed 09 18, 2021).

Khalid, Nijdar S. The State of the Institutions of Economic Freedom in the Kurdistan Region of Iraq. Annual, Vancouver: .Fraser Institute, 2021

فوتنۆت

https://www.fraserinstitute.org/sites/default/files/economic-freedom-of-the-world-2021.pdf [1]

https://govkrd.b-cdn.net/books/The%20Go [2]

https://www.ft.com/content/088d3368-bb8b-4ff3-9df7-a7680d4d81b2 [4]

/https://krso.gov.krd/content/upload/1 [5]

[6] https://www.imf.org/external/pubs/ft/fandd/basics/30-inflation.htm#:~:text=Inflation%20is%20the%20rate%20of,of%20l .iving%20in%20a%20country

https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/25.pdf [7]

/https://www.reuters.com/world/middle-east/turkeys-inflation-surges-20-year-high-70-april-2022-05-05 [8]

https://www.cnbc.com/2022/05/11/cpi-april-2022.html [9]

[10] https://thedocs.worldbank.org/en/doc/6840d5f4a3abb3ebfd58e0c108eb9979-0280012022/original/6-mpo-sm22-iraq-irq -kcm3.pdf

https://data.oecd.org/hha/household-spending.htm [11]

https://krso.gov.krd/ku/statist [12]

[13] https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/kurdistan-population-analysis-report-kurdish-v6-final-corrected-29052022.pdf

/https://krso.gov.krd/content/upload/1/root [14]

https://gov.krd/dmi/activities/news-and-press-releases/2022/june [15]

https://www.rudaw.net/sorani/business/04032019 [16]

https://www.rudaw.net/sorani/business/180520221 [17]

[18] https://www.swissre.com/dam/jcr:e73ee7c3-7f83-4c17-a2b8-8ef23a8d3312/swiss-re-institute-expertise-publication-econ omics-of-climate-change.pdf

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/17122021 [19]

/https://krso.gov.krd/content/upload [20]

https://www.oecd.org/environment/resources/Water-Growth-and-Finance-policy-perspectives.pdf [21]

/https://www.newsecuritybeat.org/2015/08/research-links-water-security-economic-growth [22]

https://www.rudaw.net/sorani/business/09052016 [23]

https://www.ilo.org/wcmsp5/groups/public/@dgreports/@dcomm/@publ/documents/publication/wcms_242878.pdf [24]

[25]
https://www.brookings.edu/blog/future-development/2019/02/20/4-lessons-for-developing-countries-from-advanced-eco
/nomies-past